# نیچەو
# فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

د. مستەفا غالب
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە :سامان محەمەد



**نیچەو ئایین:**

گومانی تێدا نییە کەنیچە هیچ ئایینێکی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهێزترین رەخنەی ئاراستەی ئایینەکان کردووە, تەنانەت بیرۆکەی بوونی ئایینەکانی لەلاپەسەندنەبووە. بەڕای‌ئەو گیانی ئایینی هەژارە لەتێگەیشتنی یاساسروشتیەکان و تەنهادرێژەپێدەری لێکدانەوەی سەرەتایین کەهەمووشتێکیان دەدایە پاڵ سیحرو خورافات. هیچ شتێك بەڕای‌ئەو گیانەئایینیە. سروشتی نییە، بەڵکو لەلایەن ئیرادەیەکی هۆشیارەوە بەڕێوەدەبرێت وبەچاکەیان خراپە رەنگ دەکرێ وهەرکەشکست لەتێگەیشتنی دیاردەیەکدا دەبینێ، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆکاری ئەوئیرادە هۆشیارە عەقڵیەتەی سەرەتایش هەروابووەکە هەموو گەردوونی پڕکردبوو لەهێزە نادیارەکان، کەهۆکاری دروستبوونی رووداوەکانن بەشێوەیەکی ئیرادەییانە، بەوشێوەیەش عەقڵیەتی ئایینی رووداوەکانی گەردوون بەهەمان شێوە لێکداوەتەوە، هەرشتێکیش پێچەوانەی کارەچاکەکان روبدات لە گەردووندا، ئەوەدەیدەنە پاڵهێزی تر کەئەویش(شەیتان)ە وهەموو لێکدانەوەیەکی سروشتی بۆخراپەکە پشتگوێ دەخەن. نیچە پێیوایە دڵۆپێك لەخوێن ئەگەر زیاد یان کەم بکات لەمێشکدا, کاریگەری ئازاربەخشی دەبێ لەژیانماندا وئازارمان دەدات وەکو ئازارەکانی پرۆڤیشیوس کەلەژیانیدا چێشتی بەهۆی سزادانەکەوە. بەڵام مەترسی لەوەدایە کەئەوە تێنەگەین ئەو دڵۆپەیە هۆکارەکەیە، بەڵکو بیدەنە پاڵ شەیتان یان گوناح, کەواتە تێڕوانین وعەقڵیەتی ئایین بەرای نیچە پێچەوانەی تێڕوانین وعەقڵیەتی زانستیانەیە، چونکە یەکەم شتەکان دەداتە پاڵ هێزوو ئیرادەی هۆشیارو دووەمیش دەیداتە پاڵ لۆجیکی خودی روداوەکان. نەك لێکچواندنی رووداوەکانی سروشت لەگەڵ خودی ناوەوەی مرۆیی هۆشیار. لەپاڵ ئەمەشدا، نیچەئەم شتانە لەروانگەی دەروونییەوە شی دەکاتەوە، پێیوایە ئایین پەروەر باوەڕی بەسروشە, یان وەحیە، واتەبیرەکان لەسەرچاوەیەکی باڵاوە بۆی دادەبەزێت بەشێوەیەك کە زەینی تەنیا ئامرازێکە کەبیرەکان بەشێوەیەکی سەلبی وەردەگرێ, ئەمەش کێشەی دەروونی گەورەیە لەئاییندا ئەگەر وابێ ئیتر دەبێ تێڕوانینی خۆیان بۆشتەکان چۆن هەبێ بەوەی‌کەوەحیەیان ئیلهامە؟ ئەمە کێشەی بنەڕەتی ئایینەکانە. لەهەمووحاڵەتێکیشدا کە بیروباوەڕێك باوبووە ئەوا پیاوێك هەبووە باوەڕی بەئیلهام هەبووە، بەشێوەیەك سەپێنراوە بەسەر هەموو جیهاندا، کەنەتوانن تێڕوانینیان وابێ، هەموئەم سیستم وجوانیەی گەردوون لەدروستکردنی زەینی‌خۆی دا

بێت، هەربۆیە دەیداتە پاڵ ئیلهام یان وەحی، بێگومانیش هێزی زیاتر دەبەخشێ بەو ئیلهامە ودووری دەخاتەوە لەهەموو رەخنەو گومانێك، واتە پیرۆز رایدەگرێ‌کەبێ هەڵەبێت. بەراستی بەم شێوەیە پایەی مرۆڤ کەم دەبێتەوە ودەبێ بەئامرازێك, بەڵام بیروڕاکان لەکۆتاییدا سەردەکەون بەوەی لەبیرۆکەیەکی یەزدانیە. کەواتە لەئایین دا مرۆڤ بەئەنقەست لەپایەی خۆی کەم دەکاتەوە کەدواجار سەرکەوتن بۆڕاکانی بەدەست دەهێنێ.



گۆتە

لێرەوە نیچەدەگاتە ئەو ئەنجامەی کەئایین لە تێڕوانینی مرۆڤ کەم دەکاتەوە وئەنجامی کۆتایی ئەوەیە هەموو چاکەیەك وگەورەییەك و راستیەك لەسەرووی مرۆڤەوەیە وپیاوەتی بەسەرداکراوە، کەواتە زۆرسروشتیە کە نیچە هێرش بکاتەسەر بیرەئایینیەکان بەهۆی ئەوەوە کەئەوگیانە ئایینیە بەرای ئەو دیاردەیەکی لەرێ دەرچووە ودواجاریش گۆڕینی تێڕوانینی سروشتیە بەتێڕوانیتی ئایینی نازانستی, هەربۆیە نیچە پێیوایە دەبێ هەوڵی گێرانەوەی متمانەی تەواو بۆمرۆڤ وخودەکەی بدرێتەوە ومافە زەوتکراوەکەی

لەلایەن ئیلهام وئاییینەوە, بگێڕێتەوە هەربۆیە هێرش دەکاتە سەر بیرۆکەی یەزدانی یان خواوەندی، چونکە بەرێگردایدەنێت لەبەردەم بەدەستهێنانی مرۆڤ بۆخودی لەبەرئەوەی مرۆڤەکان باوەڕییان بەهێزێکی یەزدانیی‌یە لەسەروی  وزەی مرۆڤ وئاستی عەقلانی وفیکریەوە. هەربۆیە پەردەلەسەر ئەوهێزە خەیاڵیەی کەئایین وئیلهام داینـاوە، هەڵماڵرێ بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ پایەو ڕێزی خۆی بەرزبکاتەوە, چونکە بەرزترین بوونەوەرەکانە لەپایەدا. پێدەچێ لەم بارەیەوە، نیچە ئەم بیرۆکەیەی هەر پشتگۆی خستبێ وزەینی سەرقاڵ نەکردبێ پێوەی وبەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیانە باسی لێوەبکات بۆ نموونە دەڵێ: بوونی خودا بەدەر دەبوو لەروودان ئەگەر کەسانێکی دانانەبوایە وەکو لوسەر دەڵێ‌" ئەمەش راستە، بەڵام بوونی خوداخۆی زیاتر بەدەر دەبوو لەرودان ئەگەر کەسانی نەزان نەبوونایە، ئەگەر چی لوسەر ئەمەی نەوتووە. نیچە لەرەخنەکانیدا شێوازێکی تری قەوقێنەی شۆڕشگێرانە دەگرێتە بەرو دەپرسێ؟ ئایا ئەوە خواوەندی چاکەیە کە هەموو شتێك دەزانێ ودەتوانێت ولەگەڵ ئەوەشدا گوێ بەوە نادات کەمەبەستەکان تاچ رادەیەك لەلایەن بوونەوەرەکانیەوە مایەی تێگەیشتنن؟ ئایا ئەوەی خاوەنی راستیە و ئازاری مرۆڤایەتی دەبینێ، خواوەندێکی خراپەکارنیە؟ ئەم جۆرە رەخنانەی نیچە بەرای خۆی یەکلاکە رەوەنین، هەربۆیە وای‌دەبینێت کەمرۆڤ لەکاتێکدا هەولی دابێ کەخواوەندێك نییە، لە بەرامبەریدا کەسانێك هەبوون کەباوەڕیان بەبوونی خودایەك هەیەو کاریگەری زۆری بەسەریانەوەهەیە. لەم حاڵەتەدا ئەو بەڵگەیەی کەباس لەنەبوونی خودایەك دەکات رووکەش دەبێ، چونکە لەهەولی پێشووتری بۆ بەدرۆخستنەوەی بەڵگەکۆنەکانی بوونی خودا، لەبەرامبەریدا گومانی بەردەوام هەبووە لەئەگەری بوونی بەڵگەی باشتر لەوەی کە بەدرۆ خراوەتەوە. ئەگەر فەیلەسوف توانی ئەوبیرۆکەی نەبوونە بسەلمێنێ بەوەی کەبنەڕەتێکی مێژوویی یان دەروونی دیاریکراوی هەیە لەبارودۆخێکی دیاریکراودا بەپێی پێویستی مرۆیی تایبەتی هاتۆتەئاراوە، ئەوادەتوانێ لەهەمان کاتدا جێگیری وجیهانیەتی ئەوبیرۆکەیە لەناوبدات وخودی بیرۆکەکەش لەناودەچێ. نیچە بۆئەوەی بیسەلمێنێ کەبارودۆخی دەروونی لەڕێ دەرچوو هۆکاری دەرکەوتنی گیانی ئایینی و یەزدانین، پێی وایە ئەمە لەرووی مێژووییەوە لەهەموو ئایینەکاندا سەری هەڵداوە لەگەڵ گۆڕانی بنەڕەتی لەم تێڕوانینانەدا، ئەمەیش مایەی لەناوبردنی هەموویانەو تێڕوانینی مەسیحی وجولەکە پەیوەستە بەئارەزووی مرۆڤ بۆسزادانی خۆی و هەستکردنی بەتاوان. ئەم حەزو هەستەش لەخودی بیرۆکەی خودادا بەرجەستە دەبێ، بەپێچەوانەی مرۆڤ دایانناوە و چەندین فەرمانی دراوەتەپاڵ کەبەرانبەر بەسروشتی مرۆیی وڕێڕەوی لەخۆوەیی مرۆڤ دەوەستێ. نیچە پێیوایە پەیوەستکردنی نێوان هەردووشتەکە واتە لەنێوان تێڕوانینی یەزدانیەت وهێرش کردنە سەر سروشتی مرۆیی، کارێکی پێویست نیە، چونکە گەلانی زۆرهەن کەخواوەندەکانیان لەشێوەی جیاواز لەبیرۆکەی هەستکردن بەتاوان داناوە بۆنموونە لای یۆنانیەکان ئەوەی مرۆییە بەیەزدانی دانراوە، رەنگە ئاژەڵەکانیش، وبیرۆکەی گوناح وتاوان روون بووە وگلەیی لەخۆی‌ناکات و ڕێزی خۆی دانابەزێنێت هەروەکو لەمەسیحیەتدا روویداوە. بێگومان تێڕوانینی نیچە بۆ مەسیحیەت کاریگەربووە بەدووفاکتەر: یەکەمیان رەخنەگرتنی لەگیانی ئایینی بەگشتی, ئەو رەخنەیەی کەئاراستەی مەسیحیەت کراوە, چونکە وێنەی سەرەکی گیانی ئایینی کۆمەڵگاکەی بووە, دووەمیان پەیوەستبوونی بەهەمووشتێکی یۆنانی تەنانەت مرۆڤ هەست دەکات کەنوسراوەکانی سەروەری راگرتنی بیروباوەڕە یۆنانیەکان خۆیانە, چونکە ژیانی یۆنانی بەبەرزتر لەژیانی مەسیحی دەزانێ, لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی یۆنانی ڕێگرنەبوون لەبەردەم گەشەی هێزە سروشتیەکانی مرۆڤ، بەڵام بیروباوەڕی مەسیحی وجولەکە ڕێگری گەورەن لەبەردەم گەشەی ئەوهێزانەدا، چونکە پشتی زیاتر بەهەستەکان دەبەستێ لەبری عەقڵ واتە بەرپەچدانەوەی نەزعە عەقڵیەکانی پێشوویان کەلەسەردەمی یۆنانیدا هەبوون کارەچاکەکانی مەسیحیەت سەرکەوتنی عەقڵ نین بەسەر هەستەکاندا، بەڵکو وەکوفەیلەسووفەکانی گریگ دەڵێن سەرچاوەیان لەخۆشەویستی خودایان ترسی خودا باوەڕبوون، خوداوهیوابەخودا گرتووە. نیچە هێرش دەکاتە سەربیرۆکەی گوناح لەمەسیحیەتدا مرۆڤ وسروشت بەڕای ئەوبێ تاوانن وگوناحیش وەهمێکە لە لادانی و دەروونی‌یەوە

سەرچاوەی گرتووە لەپاڵ حەزی بێ وێنە لەسزادانی خودو سەرزەنشت کردنی و هەمیشە ئەوبوارە سروشتیەی بەجێهێنانی هێزەمرۆییەکان ومایەی دابەزاندنی پایەی مرۆڤ نییە. نیچە پێیوایە مەسیح ئەورێگەیەی گرتووە لەبەرئەوەی بەهەڵە لەهاندەرە دەروونیەکانی گەیشتووە ئەمەش پاڵی پێوەناوە کەهەست بەپێویستی رزگاربوون بکات وگەربەچاکی لەوهاندەرانە بگەیشتایە، هەرگیز نەئەبوو بەمەسیح ئەمەش چەند وروژانێکی دەروونیەو بارودۆخێکی زەینی دیاریکراو سەپاندویانە ئەگەرچی دواتر لەزمانی هێرشەکانی کەم کردۆتەوە بۆسەرمەسیحیەت کەمەسیح هێناویەتی. نیچە پێیوایە مرۆڤی نوێ، چیتر لەتوانایدانەماوە ئەم مەزهەب ورێنماییانە قبوڵ بکات، چونکە چەند بیرێکن گەرمرۆڤ بەعەقڵی خۆی کەمێك بابەتیانە لێی بڕوانێت، راستیەکەی بۆدەرئەکەوێت، لەم بارەیەوە نیچە دەڵێت: کاتێ کەبەیانی رۆژی یەکشەممە گوێمان لەدەنگی زەنگەکۆنەکان دەبێ، دەپرسین: ئایا ئەمە دەکرێ هەموونەمانە لەپێناوی جولەکەیەکدا بێکەپێش(٢) هەزارساڵ لەخاچ دراوە،کەدەیووت من کوڕی خودام کەئەویش بانگەوازێکی بێ بەڵگەیە. بێ مشتومڕە بیروباوەڕی مەسیحیەتە بۆئێمە وسەردەمەکەمان کاریگەری کۆنی رابردووی هەیە رەنگە باوەڕبوونمان بەم بانگەوازە لەکاتێکدا کەبەڵگەی وردبۆ هەموو رایەك پێشکەش دەکەین، کۆنترین کەلتوربێ باوای دابنێین کەخواوەندێك هەیە منداڵی هاوسەرێکی لەناوچوو دەبێ وگوناحەکان بۆئەوە دەگەڕێتەوەو هەمان خواوەندیش سزاکەدەدات ولەترسی جیهانێکی تر، مراندن کراوە بەدەروازەکەی

ئایە ئەمەچەند ترسناکە وەکو خێوێکی رابردوو دەرئەکەوێ, ئایا کەس باوەڕ دەکات کەشتی لەم جۆرە هێشتا باوەڕی پێ بکرێ؟ پێ دەچێ هەموو بیرو باوەڕە ئایینیەکان لەگەڵ بیری عەقلانی نیچەدا نەگونجابێ, بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەڵوێستی ئینکارکردنی سەلبی بۆی نەبووەو لەکۆتایی بیرکردنەوە فەلسەفیەکانی, بیروباوەڕی خودی خۆی سەبارەت بەگەڕانەوەی هەمیشەیی بەرجەستە کردوە کەپێیوایە هەموو دەستپێکردنەکان دەگرێتە خۆی کەلەبیروباوەڕە باوەکاندا نەبووە, کەتیایدا زەوی دەپەرسترێ لەپاڵ مرۆڤدا لەم جیهانەدا ولەشێوە مەعریفەکەشیدا پشت بەتێڕوانینی یۆنانی بۆ جیهان بەستووە وزۆر لەلێکدانەوەکانی پشتی بەبیرو رێنماییەکانی فەیلەسوفەکانی یۆنان بەستووە.

**نیچە وفەلسەفەی کۆمەڵایەتی:**

لەکاتێکدا کەبیرەکانی نیچە بەئەوروپا بڵاو دەبووەوە, بیرە سۆسیالیستیەکان هەوڵی جێگیرکردنیان دەدا لەئەوروپا ئەمەش پاڵی بەنیچەوە نا بەرەنگاری ئەو بیرورایانە بێتەوە ورەخنەی لێبگرێو شی بکاتەوە, پێی وابوو کەبیری سۆسیالیستی بانگەشەی چاکسازی خەڵکانێك دەکات کەپێویستیان پێی نییە.ئەو بانگەشەیەی کەدەیکەن لەچاکسازی چینە نزمەکاندا جۆرێکە لەجۆرەکانی رق و کینە و تێڕوانین بۆ دەستی ئەوانی ترو دادوەریش بەڕای نیچە ئەوەیە ئەوەی هەیەتی بیدات بەوەی کەنییەتی, ئەمەش تەنها رێگەیە بۆ دادوەری کۆمەڵایەتی راستەقینە لەپاڵ پێویستی پێدانی مافی یەکسانی بەهەمووان, بەڵام ئەوەی ئەوانی تر داوای دەکەن لەیەکسانیدا وەکو ئەوەی سۆسیالیستیەکان داوای دەکەن, سۆسیالیستیەکی چینە خەفەکراوەکانە, ئەمە لەراستیدا رق و حەسودییە. نیچە پاڵ بەچینی دەسەڵاتدارەوە دەنێت یەکسانی و دادوەری لەنێوان هەموو چینەکاندا جێبەجێبکات و واز لەچینە نزمەکان بهێنێت بۆئەوەی سەیری سەروتریان نەکەن و لەداماوی خۆیان نەگەن کەلە ئاستیان بەرز بکرێتەوە. بەڕای نیچە بەجێهێنانی بیری سۆسیالیستی دەبێتە هۆی دروستبونی مرۆیی خامۆش, چونکە سۆسیالیستیەکان ئارەزوومەندی دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر بۆ گەورەترین ژمارەی خەڵکین. ئەگەر ئەمەش بەجێ بهێنرێت بەراستی جێگەیەکی ژیانی بەختەوەر واتە لەدەوڵەتی پایە بەرزدا, ئەوا ئەم ژیانە بەختەوەرە ئەو خاکەی کەعەقڵی گەورەو تاکی گەورەی بەگشتی تیا پەیدا دەبێ لەناو دەچێ. کاتێ کەئەو دەوڵەتە بەدەست دەهێنرێ, مرۆڤایەتی زیاتر خامۆش دەبێ و هەر واتای تیا دروست نابێ. نیچە رەخنەکەی بۆبیرە سۆسیالیستیەکان بەوە کۆتایی دەهێنێت کە دەستێوردانی زۆری دەوڵەت هەموو هیوایەکی دروستبوونی تاکی جیاوازو نایاب لەناو دەبات و هەموو وەکو یەکیان لێدێت و جۆرایەتی نامێنێت.

## نیچە ودارمان (الانحطاط)

بەپشت بەستن بەوتەکانی نیچە لەبارەی سوپرمانەوە، پێیوایە رێگە بۆ سوپرمان لەرێگەی ئەرستۆکراتیەوە دەبێ. دیموکراسی ئەو شێتیەی کەپشت بەئامارکردنی لووتەکان و ژماردنیان دەبەستێ، دەبێ لەناو بدرێ پێش ئەوەی شەمەندەفەرەکەمان لەدەست بچێت و سەرەتایی ترین هەنگاویش بۆ ئەم رێگەیەمان لەناوبردنی مەسیحیەتە، چونکە سەرکەوتنی مەسیحیەت بوو بەسەرەتای دیموکراسی و یەکەمین مەسیحیش بەقووڵی ئارەزووەکانیەوە، شۆڕشگێربووە بەرامبەر بەهەموو دەستکەوتێك، چونکە هەمیشە ژیاوەو زەحمەتی کێشاوە لەپێناوی یەکسانی لەمافەکاندا، بەڵام لەزەمەنی نوێدا، ئەوا دەینێرن بۆسیبریا. ئەو وتەیەش کەدەڵێ" گەورەترینیان خزمەتتان بکات، تەنها هەڵگێڕانەوەی هەموو داناییەکی سیاسیە وپێچەوانەی هەموو سەلامەتیەکی عەقڵە، بەراستیش مرۆڤ کەئینجیلەکان دەخوێنێتەوە هەست دەکات کەلە کەشی رۆمانێکی روسیدا دەژی کە جۆرێك لەگۆڕینی کەسێتی لەجۆری دوستوفسکی تیایەو تەنها لەمرۆڤە نزمەکاندا رەگ وریشەی قووڵ دەچەسپێنێ و تەنها لەسەردەمێکدا دەژی کەتیایدا حاکمەکان بێ بایەخن و لەناو دەچن و تووشی دارمان دەبن و جارێکی تر حوکم ناکەن. هەروەکو چۆن بالا دەستبوونی مەسیحیەت لەئەوروپا کۆتایی هاتنی ئەرستۆکراتی کۆنە، ئەوا بالادەستبوونی بارۆنە جەنگاوەرەکان لەئەوروپادا، چاکەکارییە پیاوانەکانە وتۆوەکانی ئەرستۆکراتی نوێ یان ژیانەوە ئەو بارونانە دڵگران نەبوون بە ئەخلاقەکان، بەڵکو سەربەست بوون لەهەموو بەربەستێکی کۆمەڵایەتی وبێ تاوانی ویژدانی ئاژەڵی و دڕندەییان کەدەگەڕانەوە وەکو دڕندە شانازییان بەقەتڵ و عامەکانیان و سوتاندن و دزییەکانیان دەکرد بەشێوەیەکی تێگەیشتوانە دەگەڕانەوە هەروەکو ئەوەی کارەکانیان تەنها حەزێکی خوێندکارێك بووبێ. خەڵکانێکی لەم جۆرە چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەڵمانیاو وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان و فەرەنسا و ئینگلترا و ئیتاڵیا وروسیایان دروستکرد. نیچە لەوەسفی ئەو خەڵکانەدا دەڵێ" کۆمەڵێکن لەئاژەڵێ دڕندە وداگیرکەرو رزگارکەری خاوەن رێکخستنی سەربازی بەتواناو بێ وێژدانن لەناودانی گەلانی زۆرتر لەخۆیان ئەم کۆمەڵەیە دەوڵەتیان دروستکرد ئەو خەونەی کەدەیووت دەبێ دەوڵەت بەپەیمان و بەڵێن دروستبێ، لەناوچوو، کەسێك کەفەرمان بدات و گەورەبێ لەسروشتی خۆیداو بەتوندی بێتە گۆڕەپانەوە وتوندوتیژ بێ، هەرگیز لەپەیماننامەو بەڵێن ناگات. ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە جوانە، تێکدرا بەهۆی هاندان وباسکردنی کاسولیکی بۆچاکەکارییە مێینەکان، هەروەها بەهۆی نموونە بالا گشتیەکانی گەلان وەکو چاکسازی ئایینی بالا ئەمە لەپاڵ هۆی تێکەڵبوونیان بەبنەماڵەی نزمتر لەخۆیاندا، بەتایبەتی کاتێ کەکاسولیکیەکان لەشارستانیەتی سەردەمی رێنیسانسی ئەرستۆکراتی و نائەخلاقی وادرێژەی پێدرا، سەردەمی رێنیسانس لەناوی بردو بەزیندوکردنەوەی توند و مەترسیداری جولەکە. کەواتە دەبێ تێبگەین کەسەردەمی رێنیسانس سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و چاکترکردنی بەها مەسیح یەکانە، هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکان و ئارەزووەکان ودانایيەکان بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن بۆبەها پێچەوانەییەکان بۆ بەها بالاکان، ئەمەش بەڕای نیچە توانایەکی تەواو سیحرییە. پرۆتستانت وبیرە زەینیە ئەڵمانیەکانی لاوازکردووە لەپاڵ ئۆپرای فاکنەریدا، ئەنجامی ئەمەش وتاکی بروسی ئەمڕۆ دوژمنترین کەسن بەرامبەر بەشارستانیەت وسەیرکردنم بۆ ئەڵمانیەك باری تەندروستیم تێك دەدات. هەروەکوگیبن دەڵێ" ئەوەی ئەم جیهانە لەناو دەبات زەمەنە، منیش دەڵێم ئەوەی ئەو بیرە هەڵەیەی ناو ئەڵمانیا لەناو دەبات تەنها زەمەنە، ئەگەرچی دووروودرێژیشە کاتێ کەئەڵمانیا ناپلیۆنی شکست پێ هێنا، ئەوە شارستانیەتی لەناودا هەروەکو، چونکە لوتەر شکستی بەکەنیسە هێنا. هەر لەوکاتەوە ئەڵمانیا هەموو (گۆتەکان و شوبنهاوەرەکان و بیتهۆڤنەکان)ی پشتگۆی خستوەو دەستیکردوە بەپەرستی (نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتەکەی (ئەڵمانیا لەسەروی هەموانەوەیە) دەترسم ئەم سرودە کۆتایی فەلسەفەی ئەڵمانی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیچە پێیوایە لەئەڵمانیادا کاری راستەقینە وقووڵ هەیە کەمایەی هیوان بەوەی کەئەوروپا رزگار بکەن، چونکە چەند چاکەیەکی پیاوانەیان هەیە زیاتر لەفەرەنسیەکان یان ئینگلیزەکان، تیایدا هەیە کەخاوەنی ئارامی و زیرەکی یە لێرەوە عیلمانی بوون و زانست ورێکخستنی سەربازییان

بەدەستهێناوە وشتێکی خۆشە کەمرۆڤ دەبینێ چۆن ئەوروپا هەمووی لەدڵەڕاوکێدایە بەرامبەر بەسوپای ئەڵمانی.



بتهۆڤن

نیچە پێیوایە گەر توانای ئەڵمانیا بەسەر ڕێکخستندا بگەڕێتەوە لەپاڵ سەرچاوە شاراوەکانی روسیا لەمادەو مرۆڤەکاندا, ئەوکاتە جیهان سەردەمی سیاسەتە باڵاکان دەبینێ. ئێمە داوای گەشەی هاوبەشی نێوان نەتەوەکانی ئەڵمانی وسلاڤی دەکەین, هەروەها داوای شارەزاترین داراییەکان واتە جولەکە دەکەین بۆئەوەی ببین بەگەورەکانی جیهان. داوای یەکگرتنێکی بێ مەرج دەکەین لەگەڵ روسیادا, کێشەکەش لەنەبوونی یان خراپی زەینی دیاریکراوە لەئەڵمانیادا کەلەم جۆرە هێزەی دروستبوونە دروستبکات, ئەڵمانیا دوورە لەو نەریتە ڕۆشنبیریە کۆنانەی کەفەرەنسیەکانی کردوە بەخاوێنترین وشارەزاترین نەتەوەکانی ئەوروپا, هەروەها نیچە دەڵێ" من تەنها باوەڕم بەڕۆشنبیری فەرەنسییە, هیچی تر بەڕۆشنبیری نازانم کەلەئەنجامی تێگەیشتنی خراپەوە دروست بووە مرۆڤ کەبەرهەمەکانی مۆنتین و لارشغکۆو فۆفنارو شامگور دەخوێنێتەوە هەست دەکات لەسەردەمی رزگاربووندا دەژی ڤۆڵتێر خاوەنی عەقڵێکی گەورەو ئەوانەش دوای ئەو هاتوون کەزۆر بەرزترن لەنوسەرەکانی تری ئەوروپا لەرووی خاوێنی بیرو زمانەوە نیچە پێیوایە گەورەیی و مەزنی ئەوروپا لەهێزو هەڵسوکەوتدا دروستکراوی فەرەنسایە, بەڵام فەرەنسای کۆنی نێوان سەدەی شازدەو حەڤدەو هاتنی شۆڕشی فەرەنسی کەئەستوکراتیەتی لەناوبرد لەگەڵیدا ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری وردو ستەمکارانی لەناوبردوە, نیچە پێی وایە گیانی هەنوکەی فەرەنسی,گیانێکی بێ رەنگ و خراپە لەچاوگیانی ئەو سەردەمانەدا, بەڵام هەرچۆنێك بێ بەڕای نیچە چەند سیفەتێکی جوان لەفەرەنسادا ماوە, چونکە لەفەرەنسادا لەهەموو مەسەلە سایکۆلۆجی و هونەرییەکان بەکارامەییەوە وردەبنەوە. لەکاتێکدا کەئەڵمانیا لەسیاسەتی جیهاندا وەکو هێزێکی هەرە مەزن دەرکەوت, فەرەنسا گرنگیەکی نوێی لەڕۆشنبیری جیهانیدا بەدەستهێنا. نیچە پێیوایە, روسیا دڕندەی قژ زەردی ئەوروپایە, گەلەکەی عەقڵیەتێکی کەلەرەقی ئەوتۆن کەتەسلیمی قەزاو قەدەر بوون, ئەمەش ئێمەی سەرسام کردوە, تەنانەت لەم سەردەمەشدا, هەروەها روسیا خاوەنی حکومەتێکی بەهێزە لەدانانی پەرلەمانیدا, جگەلەمەش هێزی ئیرادە دەمێکە لەوێ کۆبووەتەوە, ئێستا هەڕەشەیەکە و جیهان بێزار دەبێ لەوەی کەروسیا ڕۆژێك لەرۆژان ببێت بەگەورەی ئەوروپا, ئەو بیرمەندەش کەئاییندەی ئەوروپای بەلاوە گرنگ بێ, حیسابی تەواو بۆ جولەکەو روسەکان دەکات بەوەی کەگونجاوترین فاکتەرن لەشانۆی گەورەو جەنگی هێزەکاندا, بەڵام ئیتاڵیەکان لەکۆتاییدا توندترین و گەشترین گەلان دەبن' مرۆڤی نوێ باشتر گەشەدەکات لەئیتاڵیادا و سەربازێکی ئیتاڵی هەژار لەشێوە باشترە لەدادوەرێکی بەرلینی. نیچە پێیوایە ئینگلیزەکان خراپترین گەلن, چونکە زەینی فەرەنسییەکان بەفڕوفێڵی دیموکراسی تێکداوە دەبینین خاوەنی دوکانەکان ومەسیحیەکان ومانگاکان وئافرەتەکان و دیموکراسیەکانی تر, هەموویان کۆمەڵێك پێکدێنن و سەر بەئەوانی ترن, جگە لەمەش بەرژەوەندێتی و رەگەزپەرستی ئینگلیزەکان نزمترین پلەکانی رۆشنبیری ئەوروپین بەتایبەتی لەولاتێکدا کەبەر بەرەکانی تیایدا دەگاتە گەردن پەڕاندن, ئەمەش مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوەی کەژیان وەکو ململانی دەرکەوێ تەنها لەپێناوی بووندا, تەنها لەولاتێکدا کەژمارەی دوکاندارەکان و کەشتیەکان هێندە زۆربوون کەژمارەیان هاندەربووە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەرستۆکراتیەکاندا, ئەمەش وای لەخەڵکی کردوە کە دیموکراسی داڕێژن ودەسکاری بکەن, ئەم دیموکراسیەتە دیارییەکی گریکییەکە ئینگلیزەکان بەخشیویانە بەجیهانی

نوێ. کێ ئەوروپا لەدەستی ئینگلترا رزگار دەکات و ئینگلتراش لەدەستی دیموکراسی لەناو دەبات.

### نیچەو بوونگەری

لایەنگرانی فەلسەفەی بوونگەری پێیان وایە بیرکردنەوەی فەلسەفەی نیچە لەگەڵ بیرە بوونگەریەکان دەگونجێ وبەلایەنگری مەزهەبەکەیان داناوە, بەهۆی نەرم ونیانی شێوازەکەی وپەیوەندی بەهێزی ژیانی بەبیرەکەی, ئەویش بەوهۆیەوە ئەوەی بیری بوونگەری داناوە, جەخت لەنوێبوونەوەی بوونی مرۆیی دەکاتەوە, بەڕای ئەوان مرۆڤ چییەتی جێگیر نییە, بەڵکو بوونی مرۆڤ بەر لەچییەتی, بەڵکو خۆی چییەتیە وهیچ چییەتیەکی جێگیرنییە کەپێشتر دیاریکرابێ. نیچە نزیکبۆتەوە لەم بیرۆکەیە کاتێ کەدەڵێ مرۆڤ لەهەوڵی بەردەوامیدایە و ئارامبونەوە بەخۆی نابینێت وبەهیچ رازی نابێ و لەسنورێکدا نابێ, مرۆڤ بەچەمکی نیچەو ئەو زیندەوەرەیە کەهێشتا جێگیرنەبووە وپۆلێن نەکراوە, چونکە خەوشدارە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خەوشدارییە لەپلەی مرۆڤی بەرزکردۆتەوە, چونکە دیارنەکردنی چییەتیەکەی بەتوانای کردوە کەبوونی خۆی بەبەردەوامی نوێ بکاتەوە, لەکتێبی زرادەشتیشدا پێناسەی مرۆڤ بەوەدەکات کە خۆی بەدیهێنەری خۆیەتی, واتە ئەو کەمو کوڕییە سەرەکییە سەرچاوەی ئازادییەتی وخۆی بەبەردەوامی نوێ دەکاتەوە, ئەگەر هەوڵی لێکدانەوەی بیرە سەرەکیەکانی نیچە دەربارەی ئیرادەی هێز بکەین بەوەی کەدیاردەیەکی ئەو پرەنسیپە گشتیەی بوونگەرییە بەوەی کەمرۆڤ بوونەوەرێکە لەچییەتیدا ناوەستێت و لەسنورێکدا نامێنێت, بۆمان دەرئەکەوێ کەتاچ رادەیەك بیرەکانی بوونگەری لەگەڵ ڕاکانی نیچە و بیرەکانیدا لەم بوارە مرۆییەدا دەگونجێت.

سەرچاوە: نیچە, الدکتور مستەفا غالب,٢٠٠٠

خوێندنەوەی هەندێ لەچەمکەکانە لای نیچە



بردناشۆ